# درۆی نیسان

موژدە عەلی پیرۆت

مرۆڤ ستەم لە نیسان ئەکەن کە ئەڵێن (دۆری نیسان)وەک لە مانگەکانی تر درۆ نەکرێت وایە، لەگەڵ ئەمەشدا کە هەموو کاتێکدا و لە هەموو شوێنێکدا درۆ دەکرێت چ بە گوفتار، چ بە کردار، چ بە ئاشکرا چ بە پەنهان، لە ماڵدا ژن لەگەڵ مێردی و مێرد لەگەڵ ژندا درۆ دەکەن، هەردووکیان لەگەڵ منداڵەکانیان درۆ دەکەن، مناڵەکان لەگەڵ یەکتری درۆ دەکەن، هەموو لایەکیان لەگەڵ خزمەتکار و کارەکەردا درۆ دەکەن لە کارگەدا کرێکار لەگەڵ خاوەن کارگەدا درۆ ئەکات، خاوەن کارگەش لەگەڵ کرێکارەکانیدا درۆ ئەکات. بازرگان لەگەڵ هەموو کارێکدا کە ئەیفرۆشی درۆیەک ئەکاتن خاوەن تەرازوو لەگەڵ هەموو کێشێکدا درۆ ئەکات. هەروەها هەموو دەستە و هاوپیشەیەک لە ئاسنگەر و دارتاش و بەرگ درو و سەوزە فرۆش درۆ ئەکەن لەگەڵ ئەوانەی کە هاتوچۆیان ئەکەن و ئیشیان پێ ئەکەن. دائیرەکان پڕن لە درۆ، بەرپرس لەگەڵ خوارووی خۆی درۆ دەکات، خواروو لەگەڵ بەرپرسی دا درۆ ئەکات، هەردوولا لەگەڵ خاوەن ئیشدا درۆ دەکەن، سەر بە هەر دائیرەیەک ئەکەیت وا ئەزانیت کارگەی درۆیە، لە رۆژێکدا سەد هەزار فەردە درۆت بۆ ئەژمێرێت خۆ ئەگەر گوێ لە پیاوی سیاسی بگریت، ئەوە هەر پەنا بە خوای ئەوێت، چونکە یەک هەناسە لەسەر یەک قسە نامێنێتەوە، هەردەم بەپێی سیاسەتی ئەو رۆژە قسە ئەکات، خوانەکات دڵ و زمانی ئاگایان لە یەکتری بێت. داگیر کردن (احتلال) ناو دەبات بە ئاوەدانکردنەوە، دۆژمنایەتی بە دۆستایەتی و تاڵانکردن بە یارمەتی و دەستگرتن و وێرانی بە ئاوەدان و، ئاژاوە بە ئاسایش و، بێ رەوشت و خویی بە شارستانێتی و، خراپی بە چاکی بە خراپی و دواکەوتن بە پێشکەوتن، مردن بە ژیان. بیرمان نەچێت درۆ و دەلەسەی ئەحزاب لەگەڵ یەکتردا کە هەر یەکێکیان بۆ گەیشتن بە پایە و کورسی هەزاران درۆ ئەکەن لەگەڵ کۆمەڵدا، هەزاران بەڵێنی درۆی پێ ئەدەن، تا سەر ئەکەون و لە سەر کورسییەکە دائەنیشن، ئەوکاتە ئیتر گەزی چی و چاوی چی کە هەریەکە ناڕەوای خۆی بەڕەواو رەوای ئەوەی تر بە ناڕەوا ئەداتە قەڵەم، بەڵکو تاقە یەک شت ئەگەر ئەمیان بیکات رەوایە و ئەگەر ئەویان بیکات ناڕەوایە. خۆ پرسیار هەرمەکە لە درۆی مێژوو، مەگەر بە هەڵە راستێکی تێدا بێت، مێژوونووسی ئەویان هۆی چەنگ ئەداتە پاڵ دوژمنەکان، دوژمنەکانیشان پاڵی ئەدەنە پاڵ ئەمانە. تەنانەت مرۆڤ خۆی درۆ ئەکات، بەم رەنگە پیرە و کەچی سەر و سمێڵ برۆی رەش ئەکاتەوە،و تەمەنی خۆی بچوک ئەکاتەوە، یا ستەم لە مەردوم ئەکات کەچی خۆی بە موسڵمان و دادپەروەر ئەداتە قەڵەم، یا کارێکی خراپ ئەکات کەچی وا نیشان دەدات کە کارێکی چاکی کردووە، یا ئیشێک ئەکات هەر بۆ قازانجی خۆی، کە چی وا نیشان ئەدات کە بۆ قازانجی گەل و نیشتمانی کردووە، یا ئیشێکی خراپ و ناشیرین ئەکات کەچی خۆی لە خەت دەدات کە ئەم ئیشە ناشیرینە لە فلان رووەوە چاکە، وەک کابرا کە گەورەترین زانای ئاینی و چاکترین پێشەوای دینی دەکرد لەسەر مزگەوتەکەی، و یەکێکی نەخوێندەواری پیسی بۆگانی دانا لە جێگاکەی، کە لێیان پرسی لە هۆیەکەی، وتی ئەویان زۆر زانا و دانا و بەحورمەتە لە هەموو شوێنێکدا ئەمەزرێ و جێگای ئەبێتەوە، بەڵام ئەمیان خوێڕیە و ئەگەر لەسەر مزگەوتێک نەبێت خوێڕی تر دەبێت. تەنانەت بەرتیلخۆر خۆی ئیخفال ئەکات بەم رەنگە ناوی بەرتیلەکە ئەبات لەدیاری، و فێڵباز ناوی فروفروفێڵەکەی ئەبات بەزیرەکی و وریایی. کەواتە ئەم جیهانە بناغەی لەسەر درۆ و دەلەسەیە، هەرچییەکی تیایە درۆزنە، ئەگەر مرۆڤێک بتوانی درۆ نەکات، راستگۆ بێت لە هەموو گوفتار و کردارێکا، ئەوکات بێ کەس و بێ هاودەم ئەمێنێتەوە، بەڵکو هەموو کەس بە شێتی دائەنێت، کەوا بوو ئەمەشمان درۆیە کە ئەڵێن (درۆی نیسان)، چونکە هەموو رۆژێک لای ئێمە هەر یەکی نیسانە بۆ درۆ کردن.